چوارشەممەی دادێت. بە بەشداری ٨ هەڵبژاردە
جامی کەنداو بۆ تۆپی پێ دەست پێدەکات

فارس سێنارەیی

ڕۆژی چوارشەممەی دادێت وڵاتی ئیماراتی عەرەبی میوانداری یارییەکانی جامی کەنداوی (١٨)ەم بۆ تۆپی پێ دەکات کە تا ٣٠ ئەم مانگە دەخایەنێتو ٨ هەڵبژاردە بەشداری لەم پاڵەوانێتیە دەکەنو بەسەر دوو گروپدا دابەش کراون.
گروپی A هەڵبژاردەکانی (ئیمارات‌و عومان‌و کوێت‌و یەمەن) لەخۆ دەگرێ، گروپی B کەبە گروپی ئاگروئاسن دەناسرێت هەڵبژاردەکانی (سعودیاو بەحرێن‌و قەتەرو عێراق) پێکهاتووە.
بەهەرحاڵ ئەگەر سەیری مێژووی ئەم جامە بکەین ئەوا دەبینین هەڵبژاردەی کوێت ٩ جار لە مێژوویدا ئەم جامەی بەرزکردۆتەوە،دوای ئەویش عێراق‌و سعودیا دێن کە هەریەکەیان ٣ جار توانیویانە ئەم جامە بەرزبکەنەوە، هەڵبژاردەی قەتەریش ٢ جار جامی کەنداوی بۆ خۆی مۆسەگەرکردووە، کە لە دوا جامدا کە لە ساڵی ٢٠٠٤ ئەنجامدرا قەتەریەکان توانیان جامی کەنداو بەدەست بهێنن..ئەنجامەش لە یاری یەکەمیاندا ڕووبەڕووی هەڵبژاردەی عێراقی فیدراڵ دەبنەوە کە لە ساڵی ١٩٨٨وە نەیتوانیوە جامی کەنداو بەدەست بێنێ، ئەمەی خوارەوەش خشتەو کاتی تەواوی یارییەکانی ئەم پاڵەوانەتییە لە دەست پێکەوە تا یاری کۆتایی.

چوارشەممە 2007/1/17		
	یارییەکان	کاتژمێر
گروپی A جەولەی 1	ئیمارات × عومان	6:30
گروپی A جەولەی 1	کوێت × یەمەن	6:30

پێنج شەممە 2007/1/18		
	یارییەکان	کاتژمێر
گروپی Bجەولەی 1	سعودیا× بەحرێن	4
گروپی B جەولەی 1	قەتەر×عێراق	6

شەممە 2007/1/20		
	یارییەکان	کاتژمێر
گروپی A جەولەی 2	عومان× کوێت	4
گروپی A جەولەی 2	کوێت × یەمەن	6

یەك شەممە 2007/1/21		
	یارییەکان	کاتژمێر
گروپی Bجەولەی 2	عێراق×بەحرێن	4
گروپی B جەولەی2	قەتەر×سعودیا	6

سێ شەممە 2007/1/23		
	یارییەکان	کاتژمێر
گروپی A جەولەی3	ئیمارات× کوێت	3:30
گروپی A جەولەی3	یەمەن×عومان	3:30

چوار شەممە 2007/1/24		
	یارییەکان	کاتژمێر
گروپی Bجەولەی 3	عێراق×سعودیا	4:30
گروپی B جەولەی3	قەتەر×بەحرێن	4:30

ئیتۆ: بەرامبەر لیڤەرپوول یاری دەکەم!

یاریزانی هەڵبژاردەی کامیرۆن‌و یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی(ساموئیل ئیتۆ) بەرۆژنامەی ئەلۆندۆی ڕاگەیاند کە ئەو ئامادە دەبێت لە ٢٠/ ٢/ ٢٠٠٧ یاری بەرامبەر یانەی لیڤەرپوول بکات،ناوبراو دواتر گوتی: ئێستا هەست بە باشی دەکەم‌و وای بۆدەچم لە توانام دابێت دوای دوو مانگی تر بگەڕێمەوە نێو یاریگاکان، ئەمە تەنها ڕای من نییە، بەڵکو ئەو دکتۆرەی چارەسەریشم دەکات هەمان تێڕوانینی هەیە.. ئەوە ماوە بڵێین لەسەرەتای وەرزی تۆپی پێی ئەمساڵی ئیسپانیا ئیتۆ توشی پێکان هات، یاری نێوان لیڤەرپوول‌و بەرشەلۆنەش لە میانی یارییەکانی جامی یانە پاڵەوانەکانی ئەورپایە.

هاندەرانی وەرزشی بۆ وا دەکەن

فەرهاد ئەکرەم

گومان لەوە دانیە یاری تۆپی پێ بەجۆرەی وەرزشی تام‌و چێژی ئەوتۆی نییە، مەبەستمان ئەوەیە لەیاری ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو کە لە شاری سلێمانی لە نێوان یانەی هەولێرو سلێمانی ئەنجامدرا، کە تیایدا چەندین کاری نابەجێ ڕوویدا لە نێوان هاندەرانی هەردوو یانەی هەولێرو سلێمانی‌و جەماوەری وەرزشی لە کوردستاندا.
دەبێ ئوونەی جوان بە هەموو جیهان ئاشنا بکەین‌و کە دۆستایەتیەکی بەهێزی وەرزشیمان هەیە لەگەڵ کەسانی تر بەتایبەت لە یارییە وەرزشییەکاندا.
یانەکانی عێراق ڕوو دەکەنە شارەکانی کوردستان بەتایبەتی شاری هەولێر بۆ ئەنجامدانی مەشق بۆ خۆئامادەکردن بۆ پاڵەوانێتییەکان، بۆیە دەبێ جەماوەری وەرزشی گیانی تەبایی‌و لێبوردنی هەبێ لە بەرامبەر یەکتری تۆ ئازادی لە هاندانی یانەکەت، بەڵام دەبێ ڕەوشتی وەرزشی ڕەچاو بکرێت، من ئازانم زۆر لە هاندەران ئەگەر هاتوو ناوبژیوان هەڵەیەکی کرد یەکسەر قسەی بە ناوبژیوان دەڵێن ئەمەش خزمەت بە بواری وەرزشی ناکات، دەبێ ئەگەر هاتوو ناوبژیوان هەڵەی کردو چەپڵەی بۆ لێ بدەی بۆ ئەوەی بزانێ هەڵەی کردووە.
یانەی وەرزشی هەولێر ئێستا لە لوتکەی ئاستی بەرزی تۆپی پێی عێراق دایە بۆیە دەبێ هاندەرانیش هەمان ڕێکوپێکی خۆیان ئاراستەی بینەران‌و وەرزشوانان بکەن.
بۆیە داواکارین لە هاندەران ڕەچاوی یاساکانی ڕەوشتی وەرزشی بکەن لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکانی وەرزشی:
١-هاندانی یانەکەیان بەشێوەی ڕێك‌و پێك بکەن.
٢-دووربن لە کاری توندوتیژی‌و ئاژاوەگێڕی.
٣-فڕێدانی شت بۆ ناو یاریگا کارێکی باش نییە، دەبێ خۆتان پارێزگای یاریگاکەن لە ڕووی پاك‌و خاوێن.
٤-ڕێزگرتن لە یاریزانەکان‌و ناوبژیوان‌و هاندەرانی ئەو یانەیە کە دێت بۆ شارەکەت وەك میوانێکی خۆشەویست ڕێزی لێ بگرە.
٥-هاندەران یاریزانی ژمارە ١٢ان لەنار یاریگا دەبێ بزانن ئێوە ئەم یارییە لە کەناڵەکانی ئاسمانی پەخش دەکرێت جوان نییە کاری توندوتیژی بکەن.
٦-داواکارین لە سەرجەم هاندەرانی کوردستان گیانی تەبایی‌و لێبوردەیی بەرامبەر یەکتر قبوڵ بکەن.
لە داواییدا دەڵێم یاریگاکان هەر ئاوەدان‌و بۆ وەرزشوانانیش هەر سەرکەوتووبن

میژووی یانەکانی ئینگلتەرا

ئا| مسعود بابان

ناوی یانە: تۆتنهام
مێژووی دامەزران: ١٨٨٢
ناوی یاریگا: وایت هارت لین
ناوی شار: لندن
دەسکەوتەکان: دوو جار لەساڵی ١٩٦٠و ١٩٦١
ناوی ڕاهێنەر: مارتن بول
یاریزانی ڕێبشتوو لەوەرزی ئەمساڵ: مایکل کارك

لیڕەو لەوێ

ئا: سێنارەیی

ڕۆژنامەی مارکا:
لیمان دەبێتە گۆڵچی ئیشبیلیە!

ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی بڵاوی کردەوە کەوا (لیمانی) گۆڵچی هەڵبژاردەی ئەڵمانیاو یانەی ئەرسنالی لەندەنی لە وەرزی دادێت ئەرسنال بەجێ دێڵێ‌و بەرەو یانەی ئیشبیلیەی ئیسپانی دێت، هەروەها ڕۆژنامەکە دەڵێت: دوای ئەوەی یانز لیمان ئەرسنالی بەجێ دێڵێ، یانەی ئەرسنال بۆند لەگەڵ (ڕۆمان)ی گۆڵچی یانەی بروسیا دۆرتمۆند مۆر دەکات، کە تەمەنی ئەم گۆڵچیەش (٢٣) ساڵە.
جێی باسە لیمانی تەمەن ٣٧ ساڵ بەرلەوەی بێتە ڕیزی تۆپچییەکانی لەندەن، گۆڵچی یانەی دۆرتمۆند بوو.

کانۆ
خولی ئینگلیزی بەجێ ناهێڵێ

نواکۆ کانۆی یاریزانی یانەی پۆرتسموس لەدیمانەیەکدا بە کەناڵی SKYsportی ڕاگەیاند کەئەو بڕی لە جێهێشتنی یانەکەی نەکردۆتەوە، کانۆ کە پێشتر لە ڕیزی یانەی ئەرسنالدا یاری دەکرد دەربارەی خولی ئینگلتەرا گوتی: وای بۆ دەچم چێڵسی‌و مانچستەر یونایتید یەکیان جامەکە بەرزبکاتەوە.. دواتر کانۆ گوتی: لێتان ناشارمەوە ماوەیەکە یانەی ئەیاکس ئەمستڕام هەوڵدەدات بچمە ڕیزەکانی،بەڵام من حەزناکەم خولی ئینگلیزی بەجێ بهێڵم. کانۆی٣٠ ساڵ ئێستا بە (٩) گۆڵ پلەی دووەمی ڕیزبەندی گۆڵکارانی خولی ئینگلیزی دایە.

محەمەد شۆڵ
بە یەکجاری واز لە یاریکردن دێنێ

محەمەد شۆڵی یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیاو یانەی بایەرن میونخ ڕایگەیاند کە ئەو لە کۆتایی وەرزی تۆپی پێی ئەمساڵی ئەڵمانیا، بە یەکجاری واز لە یاریکردن دێنێت، شۆڵی تەمەن ٣٦ ساڵ، ئێستا لە ڕیزی یانەی بایەرن میونخدا یاری دەکات‌و لەگەڵیدا ٨ جار خولی ئەڵمانیای بەدەست هێناوە، بەمەش بۆتە یەکەم یاریزانی ئەڵمانی کە (٨) جار لەگەڵ یانەیەکدا ئەم هەموو جارە خولی وڵاتەکەی بەدەست بێنێت، هەروەها ٣٨٤ یاری لە ڕیزی بایەرن کردووەو ٩٧ گۆڵیشی بۆ یانەکەی تۆمارکردووە.

ڕێگای کوردستان
خاوەنی ئیمتیاز
کەمال شاکر
سەرنووسەر:
هەندرێن ئەحمەد
handren88@yahoo.com
Mobil: 0750 4472264
Tel: 0662225147
0662514312
جێگری سەرنووسەر
ئاسۆ جەلال
Asojalal@yahoo.com
Tel:0662220536
Mobil: 07504485724
کاری هونەری و نەخشەسازی
نەبەز مستەفا
Nabaz_77@hotmail.com
Tel: 4492282
نرخی (٥٠٠) دینارە

وەزارەتی داد
دادگای باری شارستانی هەولێر
ژمارە: ٢
ڕێکەوت :٨ / ١ / ٢٠٠٧
ئاگاداری
داوکار (برهان علی احمد) داوای ژمارە (٢ / ٢٠٠٧)ی دژی داوالێکراو بەڕێوەبەری باری شارستانی (هەولێر) سەریاری فەرمانەکەی تۆمارکردووەو داوا دەکات ناوی (خۆی) لە (برهان) بگۆڕێت بۆ (گۆران) بۆیە بڕیاردرا داواکاریەکەی لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بڵاو بکرێتەوە. جا هەر کەسێ نارازییە با لەماوەی ١٠ ڕۆژ سەردانی دادگا بکات بە پێچەوانەوە دادبینی وەك پیویست ئەنجام دەدرێت.
دادوەر
محمد عارف معروف

وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانوبەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانوبەرەی دەشتی هەولێر
جاردانی داواکاری سەر لە نوێ تۆمارکردنەوەی خانوبەرە
بەپێی ئەو داواکارییەی لە ڕێکەوتی ٢٦ / ١١ / ٢٠٠٦ پێشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بۆ سەر لە نوێ تۆمارکردنی تەواوی خانوبەرەی زێویە(١٧٦٤ / ١) گەڕەك (٨٩ بنصلاوە) بەناوی (عبدالخالق ملك حسین) کە لە ژێر دەستییەتی بۆ ماوەی یاسایی وەك خاوەنی‌و بە مەبەستی چەسپاندنی خاوەندارییەتییەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسای تۆمارکردنی خانوبەرەی ژمارە (٤٣) ساڵی/١٩٧١ تۆمار بکرێت، بڕیارماندا داواکارییەکە بڵاوبکرێتەوە، جا هەر کەسێ پەیوەندی هەبێ یا مافێکی دیاریکراوی لەسەر هەبێ لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەکە بەلگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتییەکەمان بکات‌و لە کاتژمێری (١٠)ی بەیانی ڕۆژی دوای کۆتایی ماوەی ئەو بڵاوکردنەوەیە لە شوێنی خانوبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەڵماندنی مافەکانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو نوزینە کە لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ.
تێبینەر
محمد سلێمان محمد

وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانوبەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانوبەرەی دەشتی هەولێر
جاردانی داواکاری سەر لە نوێ تۆمارکردنەوەی خانوبەرە
بەپێی ئەو داواکارییەی لە ڕێکەوتی ٢٦ / ١١ / ٢٠٠٦ پێشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بۆ سەر لە نوێ تۆمارکردنی تەواوی خانوبەرەی زێویە(١٧٢٧ / ١) گەڕەك (٨٦ بنصلاوە) بەناوی (عنتر لاوە قادر) کە لە ژێر دەستییەتی بۆ ماوەی یاسایی وەك خاوەنی‌و بە مەبەستی چەسپاندنی خاوەندارییەتییەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسای تۆمارکردنی خانوبەرەی ژمارە (٤٣) ساڵی/١٩٧١ تۆمار بکرێت، بڕیارماندا داواکارییەکە بڵاوبکرێتەوە، جا هەر کەسێ پەیوەندی هەبێ یا مافێکی دیاریکراوی لەسەر هەبێ لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەکە بەلگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتییەکەمان بکات‌و لە کاتژمێری (١٠)ی بەیانی ڕۆژی دوای کۆتایی ماوەی ئەو بڵاوکردنەوەیە لە شوێنی خانوبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەڵماندنی مافەکانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو نوزینە کە لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ.
تێبینەر
محمد سلێمان محمد

وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانوبەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانوبەرەی دەشتی هەولێر
جاردانی داواکاری سەر لە نوێ تۆمارکردنەوەی خانوبەرە
بەپێی ئەو داواکارییەی لە ڕێکەوتی ٢٦ / ١١ / ٢٠٠٦ پێشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بۆ سەر لە نوێ تۆمارکردنی تەواوی خانوبەرەی زێویە(٤٤٨٠ / ١) گەڕەك (٨٦ بنصلاوە) بەناوی (سەروکایەتی شارەوانی هەولێر) کە لە ژێر دەستییەتی بۆ ماوەی یاسایی وەك خاوەنی‌و بە مەبەستی چەسپاندنی خاوەندارییەتییەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسای تۆمارکردنی خانوبەرەی ژمارە (٤٣) ساڵی/١٩٧١ تۆمار بکرێت، بڕیارماندا داواکارییەکە بڵاوبکرێتەوە، جا هەر کەسێ پەیوەندی هەبێ یا مافێکی دیاریکراوی لەسەر هەبێ لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەکە بەلگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتییەکەمان بکات‌و لە کاتژمێری (١٠)ی بەیانی ڕۆژی دوای کۆتایی ماوەی ئەو بڵاوکردنەوەیە لە شوێنی خانوبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەڵماندنی مافەکانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو نوزینە کە لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ.
تێبینەر
محمد سلێمان محمد

وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانوبەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانوبەرەی دەشتی هەولێر
جاردانی داواکاری سەر لە نوێ تۆمارکردنەوەی خانوبەرە
بەپێی ئەو داواکارییەی لە ڕێکەوتی ٢٦ / ١١ / ٢٠٠٦ پێشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بۆ سەر لە نوێ تۆمارکردنی تەواوی خانوبەرەی زێویە(٤٤٥٦ / ١) گەڕەك (٨٦ بنصلاوە) بەناوی (سەروکایەتی شارەوانی هەولێر) کە لە ژێر دەستییەتی بۆ ماوەی یاسایی وەك خاوەنی‌و بە مەبەستی چەسپاندنی خاوەندارییەتییەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسای تۆمارکردنی خانوبەرەی ژمارە (٤٣) ساڵی/١٩٧١ تۆمار بکرێت، بڕیارماندا داواکارییەکە بڵاوبکرێتەوە، جا هەر کەسێ پەیوەندی هەبێ یا مافێکی دیاریکراوی لەسەر هەبێ لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەکە بەلگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتییەکەمان بکات‌و لە کاتژمێری (١٠)ی بەیانی ڕۆژی دوای کۆتایی ماوەی ئەو بڵاوکردنەوەیە لە شوێنی خانوبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەڵماندنی مافەکانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو نوزینە کە لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ.
تێبینەر
محمد سلێمان محمد

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانوبەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانوبەرەی دەشتی هەولێر
بڕیاری چەسپاندنی خاوەندارییەتی خانوبەرە
پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەندارییەتی تایبەت بە خانوبەرەی زێویە (٥٨٤٨ / ١) لە گەڕەکی (٨٦ بنصلاوە) لە ڕێکەوتی ٦ / ١٢ / ٢٠٠٦ وە دەرئەنجام ئەو لیکۆڵینەوەی لێی کراوەو بەپێی دەسەڵاتی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانوبەرەی ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموار کراو پێی دادم بڕیارمدا خاوەندارییەتی تەواوی خانوبەرەی دیاری کراو بەناوی(عبدالله احمد) بچەسپێ‌و ئەم بڕیارەش بەپێی ماددە (٤٩)ی یاسای نابڕیار بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارییەتی
دادوەری بەرایی دەشتی هەولێر
دادوەر/ فریدون عبدالله محمد شفیق

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانوبەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانوبەرەی دەشتی هەولێر
بڕیاری چەسپاندنی خاوەندارییەتی خانوبەرە
پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەندارییەتی تایبەت بە خانوبەرەی زێویە (٥٨٧٩ / ١) لە گەڕەکی (٨٦ بنصلاوە) لە ڕێکەوتی ٦ / ١٢ / ٢٠٠٦ وە دەرئەنجام ئەو لیکۆڵینەوەی لێی کراوەو بەپێی دەسەڵاتی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانوبەرەی ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموار کراو پێی دادم بڕیارمدا خاوەندارییەتی تەواوی خانوبەرەی دیاری کراو بەناوی(ئیسماعیل محمدامین اسماعیل) بچەسپێ‌و ئەم بڕیارەش بەپێی ماددە (٤٩)ی یاسای نابڕیار بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارییەتی
دادوەری بەرایی دەشتی هەولێر
دادوەر/ فریدون عبدالله محمد شفیق

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانوبەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانوبەرەی دەشتی هەولێر
بڕیاری چەسپاندنی خاوەندارییەتی خانوبەرە
پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەندارییەتی تایبەت بە خانوبەرەی زێویە (١٢١٢ / ١) لە گەڕەکی (٨٦ بنصلاوە) لە ڕێکەوتی ٦ / ١٢ / ٢٠٠٦ وە دەرئەنجام ئەو لیکۆڵینەوەی لێی کراوەو بەپێی دەسەڵاتی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانوبەرەی ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموار کراو پێی دادم بڕیارمدا خاوەندارییەتی تەواوی خانوبەرەی دیاری کراو بەناوی(محمد علی محمدامین) بچەسپێ‌و ئەم بڕیارەش بەپێی ماددە (٤٩)ی یاسای نابڕیار بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارییەتی
دادوەری بەرایی دەشتی هەولێر
دادوەر/ فریدون عبدالله محمد شفیق

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانوبەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانوبەرەی دەشتی هەولێر
بڕیاری چەسپاندنی خاوەندارییەتی خانوبەرە
پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەندارییەتی تایبەت بە خانوبەرەی زێویە (٧٩٨٥ / ١) لە گەڕەکی (٨٦ بنصلاوە) لە ڕێکەوتی ٦ / ١٢ / ٢٠٠٦ وە دەرئەنجام ئەو لیکۆڵینەوەی لێی کراوەو بەپێی دەسەڵاتی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانوبەرەی ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموار کراو پێی دادم بڕیارمدا خاوەندارییەتی تەواوی خانوبەرەی دیاری کراو بەناوی(خاۆ سعید علی) بچەسپێ‌و ئەم بڕیارەش بەپێی ماددە (٤٩)ی یاسای نابڕیار بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارییەتی
دادوەری بەرایی دەشتی هەولێر
دادوەر/ فریدون عبدالله محمد شفیق

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانوبەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانوبەرەی دەشتی هەولێر
بڕیاری چەسپاندنی خاوەندارییەتی خانوبەرە
پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەندارییەتی تایبەت بە خانوبەرەی زێویە (١١٥٨ / ١) لە گەڕەکی (٨٦ بنصلاوە) لە ڕێکەوتی ٦ / ١٢ / ٢٠٠٦ وە دەرئەنجام ئەو لیکۆڵینەوەی لێی کراوەو بەپێی دەسەڵاتی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانوبەرەی ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموار کراو پێی دادم بڕیارمدا خاوەندارییەتی تەواوی خانوبەرەی دیاری کراو بەناوی(ڕفیق محمد طه شریف) بچەسپێ‌و ئەم بڕیارەش بەپێی ماددە (٤٩)ی یاسای نابڕیار بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارییەتی
دادوەری بەرایی دەشتی هەولێر
دادوەر/ فریدون عبدالله محمد شفیق

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانوبەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانوبەرەی دەشتی هەولێر
بڕیاری چەسپاندنی خاوەندارییەتی خانوبەرە
پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەندارییەتی تایبەت بە خانوبەرەی زێویە (٥٨٩٨ / ١) لە گەڕەکی (٨٦ بنصلاوە) لە ڕێکەوتی ٦ / ١٢ / ٢٠٠٦ وە دەرئەنجام ئەو لیکۆڵینەوەی لێی کراوەو بەپێی دەسەڵاتی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانوبەرەی ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموار کراو پێی دادم بڕیارمدا خاوەندارییەتی تەواوی خانوبەرەی دیاری کراو بەناوی(یوسف جوهر حمد صالح) بچەسپێ‌و ئەم بڕیارەش بەپێی ماددە (٤٩)ی یاسای نابڕیار بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەندارییەتی
دادوەری بەرایی دەشتی هەولێر
دادوەر/ فریدون عبدالله محمد شفیق

ونبوون

سالنامەیەکی ئۆتۆمبیل جۆری ڤیکترا بە ناوی (ڕشاد عبدالله قادر) ونبووە ، هەر کەسێك دۆزیەوە بگەڕێنێتەوە هەفتەنامەکان، هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان